دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان- کوردستان

سەرۆ قادر
بەڕێوەبەری گشتیی ئەنستیتۆ

د. نازین ئاکرەیی
بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی توێژینەوە

حوسێن کوردنەژاد
بەڕێوەبەری پرۆگرامی ئابووری

د. هاشم ئەحمەدزادە
بەڕێوەبەری پرۆگرامی فەرهەنگ و ئێتنیسیتە

دونیا مەردان
بەڕێوەبەری پرۆگرامی پرسە کۆمەڵایەتییەکان

گۆڤاری ئەنستیتۆ

سەرنووسەر
جەواد قادر
جێگری سەرنووسەر
نووری بێخاڵی
بەڕێوەبەری تەکنیک و هونەری
کامەران ئەحمەد عەزیز
دیاکۆ قەیومی
ڕێکخستنەوەی زمان
هێما نیازی حەمەعەزیز
ڕوونووسین
نیلو علی حیدر

سەروتار

جەواد قادر

کام دەرگا بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا دەکرێتەوە؟

ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانەی کە ئێستا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕوو دەدەن، گرنگە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بە هەند وەربگیرێن. گۆڕانکارییەکان گەورەن و لەگەڵ خۆیاندا ئەوەندەی دەرفەت بە ڕووی کوردستاندا دەکەنەوە، هەر بەو ئەندازەیەش دەتوانن لێکەوتەی ترسناکیان هەبێت، بە تایبەت بۆ قەوارەیەکی نادەوڵەتی وەک هەرێمی کوردستان. ئەو گۆڕانکارییانە دەتوانن لە یەک کاتدا دەرگا بەسەر دۆزەخ یان فیردەوسدا بکەنەوە. لە قۆناغی ڕاگوزەری وەک ئێستادایە کە گرووپ و نەتەوەی وەک کورد دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێت بگەنە ئەو مافانەی مێژوو لێی زەوت کردوون. لە هەمان کاتدا، هەر ئەو گرووپ و نەتەوە ژێردەستانە دەتوانن لە ئەنجامی هەمان ئەو ئەنگژانەدا بە یەکجاری سەرکوت بکرێن و بەرەو ئەسان ببرێن. نموونەی مێژوویی ئێرەدا کەیسی ئەرمەنییەکان لە لایەک و نەتەوەکانی تری ئاسیای ناوەڕاست لە لایەکی ترەوەیە، کە لە یەک سەردەمدا و وەک لێکەوتەی هەمان گۆڕانکاریی گەورە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا (جەنگی یەکەم) چارەنووسی جیاواز ڕووی تێ کردن. قڕکردنی ئەرمەنییەکان هاوکات بوو لەگەڵ دامەزراندنی قەوارەی دەستووری بۆ نەتەوەکانی ئاسیای ناوەڕاست و خوارووی ئیمپراتۆریای هەڵوەشاوەی ڕووسیا (محەمەدئەمین ئەسڵان: ٢٠٢٣)

لە ڕاستیدا، دۆخی ئابووری و سیاسیی جیهانی دوای نوشستی دارایی ٢٠٠٨، بە ڕووی ڕێگەی ئەنگژەی زیاتر و ئیکرازانی قووڵتری گرتە بەر. ئەم دۆخە ئەگەرچی لە بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی ئەمەریکا و چین (و لێکەوتەکانی بۆ جەمسەربەندیی ناوچەیی و جیهانی) لە ساڵانی ڕابردوودا زیاتر بەرچاو بووە، بەڵام ئاماژەکانی لە ناو و لە نێوان دەوڵەتاندا و دوای هەڵکشانی زیاتری ناتۆ بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و جەنگی پێنج ڕۆژەی جۆرجیا (٢٠٠٨) زیاتر دەرکەوت کە دواتر ئەنگژەی دوورگەی کریم و ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا و هاتنی ڕووسیا بۆ ناو شەڕی سووریای بە دوادا هات. (هاریس، ناشنڵ ئینترێست ٢٠١٩)

ئەو دۆخە ئیکرازاو و پرئەنگژەی کە ئێستا پێناسەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکات، کە هاوکات ئێکەڵە بە ململانێی قووڵ بۆ هێشتنەوەی هەژموونی ناوچەیی و جیهانی، پێگومان کاریگەریی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی کورد و پێگەی هەرێمی کوردستان دەبێت. لە سەردەمێکدا کە هێزی جیهانی بەرەو فرەجەمسەربوون دەچێت، دەسەڵاتە خۆجێی، ناوچەیی و جیهانییەکان بە پێی بەرژەوەندیی ئیشتمانیی خۆیان بڕیار دەدەن و خۆیان بۆ ئەو دەرفەت و ئاڵنگارییانە ئامادە دەکەن کە هێزی جیهانیی فرەجەمسەر دروستیان دەکات.

ستراتیژی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم دۆخە کە بریتییە لە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، ڕێکەوتنێکی سیاسی و ئەمنی لە نێوان پارتی و یەکێتی و دواتر ڕێککەوتنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی بەغدا بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش لە عێراق، لە بنەڕەتدا ستراتیژێکی ژیرانەیە و پێویستە پاڵپشتیی ئیشتمانیی لێ بکرێت. سەرخستنی بڕگەکانی ئەم ستراتیژ و نەخشەڕێگەیە مەترسییەکانی سەر هەرێم زۆر کەمتر و دەرفەتەکان بۆ کوردستان زۆر زیاتر دەکەن؛ بۆیە پێویستە پشتگیری بکرێت.

پێڕست

٢	جەواد قادر	کام دەرگا بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا دەکرێتەوە؟
٣	حوسێن کوردنەژاد	ڕاپۆرتی چالاکییەکان لەرزێکی گرنگی لە ئەستۆدایە
	سیاسـەت	
٦	د. شێرزاد نەجار	باروودۆخی نوێی نێودەوڵەتی و قەیرانی سیاسیی هەرێمی کوردستان
١٠	د. نەجمەدین ئاکرەیی	قەیرانی سیاسی لە دیموکراسیی ڕاگوزەریی هەرێمی کوردستاندا
١٤	د. ستافۆرد کلاری	چۆن سەرنجی دەستەبژێری سیاسی بۆ چاکسازی ڕادەکێشرێت؟
١٨	د. مانگنوس نۆرێل	ئاستەنگ و ئاڵنگارییەکانی هەرێمی کوردستان دوای قۆناغی داعش
٢٠	د. غابریس بلانش	ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سیاسەتی نوێی ئەمەریکادا
	ناسەقامگیرییەکانی ئێران	
٢٦	خالید عەزیزی	جووڵانەوەی ژن، ژیان، ئازادی و دۆخی دیاریی ئێران
٣٢	مستەفا شەفیق	ئێرانی دوای خۆپیشاندانەکان و داهاتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٣٦	ڕەحیم ڕەشیدی	ڕۆژئاوا لەگەڵ دروستکردنی سەرکەشەن بۆ ڕژێمی ئێران نەک ڕووخاندنی
٤٠	د. سەعیدی ئەمەس	بەراوردکردنی شۆڕشی ژینا بە بەهاری عەرەبی دروست نییە!
٤٤	موحسین سازگارا	شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی و سەرکردایەتیکردنی بەردەوامی ئەو شۆڕشە
	ڕوانگەی سیاسی	
٥٤	د. شێرزاد نەجار	شەڕی ئیسرائیل و حەماس و هۆکارە سیاسییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی
٥٦	د. ئیدریس ئەحمەدی	شەڕی ئیسرائیل و حەماس؛ ئەگەرەکانی فراوانبوون و بەرتەسکبوونەوەی
٦٠	د. عومەر نورەددینی	مامەڵەی ئیسرائیل و حەماس لە ڕوانگەی تیۆری ڕیالیزم و فاکتەری هێزەوە
٦٤	د. شوکریە برادۆستی	جەنگی ئیسرائیل و حەماس: باروودۆخی هەرێمی و نێودەوڵەتی و لێکەوتەکانی
٦٨	ئاروخ خوشناو	خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی "ئەخشەرێکەیەک بەرەو ئاشتی"
٧٤	سەلاح بەدرەدین	باروودۆخی خۆراوای کوردستان و ئەگەرەکانی بەردەمی لە ئێستادا
	ئـابــووری	
٨٠	د. محەمەد ئەحمەد و د. یووسف حەمە ساڵح	باروودۆخی دەروونییە کەمی خەڵکی کوردستان و ڕێگەکانی چارەسەرکردنی
٨٨	پرۆفیسۆر بۆ ماڵمبرگ	دەوڵەت، دانیشتووان و قوتابیی زیان
٩٢	شەهریار شیخلەر	پرسی نەوت و گاز و ئایندەی هەرێمی کوردستان
٩٨	حوسێن کوردنەژاد	گرینگیی دەفتەری جیاواز بۆ سیاسەتی گەشەپێدانی ئابووری